بانگەوازو ڕاگەیاندنی سەنتەری منالاَن :- **فریای ئەم 4 منالە بکەون ئەگینا چاوەکانیان لە دەست دەدەن !!**

**بۆ بەریز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر**

**بۆ بەریز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی**

**بۆ هەموو ئازادی خوازان و مرۆڤ دۆستان**

**ڕێکخراوەکانی بەرگر لە مافەکانی منالاَن**

**وێنەی ئەو منالاَنەی کە لێرەدا دەیان بینن ، نمونەی یەکێك لەو تراژیدیایانەیە کە بەشێك لە منالاَن لە کوردستان و عێراقدا لە گەلێدا ڕووبەڕون ، ئەم منالاَنە ناویان – سایە ئاشتی 2 سالە، محمد ئاشتی 5 سالە ،شەوبۆ ئاشتی 12 سالە،ئەژین ئاشتی 16 سالەن ، هەموویان منالَی یەك خێزانن وچاوەکانیان تووشی نەخۆشی – قرنیە مخروتە– هاتووە. دوای ئەوەی کە هەموو نەخۆشخانەکانی بەغداد وکرکوك وکوردستان گەراون ، پێیان ڕاگەیاندوون کە لە عێراق چاری ئەم نەخۆشیە نیە، بۆیە باوك ودایکی منالَەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ منالَەکانیان ڕوودەکەنە ئێران – تاران و لەوی دوای پشکنینی منالَەکان ، دکتۆرەکان پێیان ڕادەگەیەنن کە ئەوان دەتوانن چارەسەریان بۆ بکەن . بەلاَم بۆنەشتەرگەری هەر چاویك پیویستی بە 1700 دۆلار هەیە واتا بۆ هەردوو چاوی هەر منالَێك 3400 دۆلاری پێویستە .بەم پێیەش بۆ چارەسەر کردنی چاوی هەر چواریان دەبی 13600 دۆلار بدەن ،ئەمە جگە لە حەقی دکتۆر و دەرمان و مەسرەفی مانەوەو هات و چۆیان بۆ تاران کە ئەویش نزیکەی هەمان مەبلەغی تی دەچێت .**



**واتە بۆ ڕزگار کردنی ئەم چوار منالَەو بۆلەدەست نەدانی ڕۆشنایی دنیا و چاوەکانیان ، تەنها لە سەر نزیکەی 30000 $ وەستاوە ، بە پێی قسەی دکتۆرەکان ئەگەر لە مانگی 10–2005 منالَەکان نەبەنەوە بۆ تاران و عەمەلیاتەکەیان بۆ نەکەن ،ئەوا تاریکایی دنیا چاوەرییانە وبۆ هەتا هەتایە ئەم منالَە خنجیلانە ناتوانن ڕووناکایی دنیا ببیننەوە.**

**باوك و دایکی منالەکان دەست کورتن و بژیوی ژیانیان لە سەر موچەیەکی کەمە و دابین کردنی ئەم بڕە پارەیە لە توانای ئەواندا نیە .**

**ئێمە وەك سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاَنی کوردستان لە سەردانێکماندا بۆ لای ئەو خێزانە، داوایان لیَ کردین کە بە هانایانەوە بچین وکارێکیان بۆ بکەین تا لەم بەلایە ڕزگاریان بێت.**

**بۆیە ئیمەش لەلای خۆمانەوە ئەم بانگەوازە دەکەین وداوا لە هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم و هەموو کەسێکی ئینسان دۆست دەکەین کە فریا کەوتنی ئەم 4 منالَەو بە هاناموە هاتنیان.**

**ئازاد احمد**

**سەرپەرشتیاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاَن= کوردستان**

**009647701533432**

**Azadahmed71@yahoo.com**

**www.santarimnalan.com**

* تێبینی بۆ ئەو بەرێزانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەیانەوێت هاوکاری ئەم چوار منالَەبکەن ، دەتوانن بەم ژمارە حیساب بانکیەیەدا 3-390804 بە ناوی کورت کراوەی سەنتەری منالاَن CFBRI کۆمەکەکانیان بنێرن و بنوسن بۆ چوار منالَەکە، ئێمە لە بری کۆمەکەکەو ناوەکانیان بلاَو ئەکەینەوەو خۆمان بە بەرپرس دەزانین لە گەیاندنی ئەو کۆمەکانە بە دەستی ئەم خێزانە.